# ئیمان -باوەڕ- یەمانە وحیکمەت -دانایی- یەمانیە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیمان -باوەڕ- یەمانە وحیکمەت -دانایی- یەمانیە، هەناسەی الرحمان* لە ئاراستەی یەمەنەوەیە، کوفر وفاسقێتی ودڵ ڕەقی لە نێو ئەوانەدایە کە دەنگێکی بەرزی ناخۆشیان هەیە ئەوانەی خاوەن بزن و وشترەکانن -کۆیان دەکەنەوە (وزۆریان دەکەن-». *(الرحمان -ئەلرەحمان-: ناوێکی خوای گەورەیە بە مانای بە بەزەیی وبە ڕەحم
[صەحیحە] [طەبەرانی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (ئیمان -باوەڕ- یەمانە وحیکمەت -دانایی- یەمانیە): زانایان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ئەم فەرموودەیە، ووتراوە: مانای -ئیمان یەمانە- ئەوەیە کە مەککە بە ئیمان -باوەڕ- وەسفکراوە چونکە دەکەوێتە لای ڕاستی مەدینەوە -یمین ی مەدینەوە-. ووتراوە: مەبەست ئەوەیە مەککە ومەدینە بە ئیمان -باوەڕ- وەسفکراون چونکە دەکەونە لای ڕاستی -یمین-ی شامەوە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم وتەی فەرموو کاتێک لە تەبوک بوو، ووتراوە: مەبەست لە ئەنساڕە -پشتیوانانە- چونکە لە بچینەدا خەڵکی یەمەنن، و وەسفکردنیان بە ئیمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە بنچینە بوون لە سەرخستنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وهیچ ڕێگرییەک نییە لە لێکدانەوەی فەرموودەکە لەسەر بنچینەی ئەو واتای ڕووکەش وئاشکرایە، ووتراوە: ئەم فەرموودەیە فەزڵ وپلەپایەی خەڵکی یەمەن دەردەخات بەسەر ئەوانی ترەوە لە خەڵکی ڕۆژهەڵات، وهۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ملکەچی ئیمان -باوەڕ- بوون بە هیچ ناڕەحەتیەک لەسەر مسوڵمانان بە پێچەوانەی خەڵکانی ڕۆژهەڵات وئەوانی تر، ئەمیش مانای ئەوە نییە کە مسوڵمانانی شوێنەکانی تر ئەم وەسفەیان تێدا نییە، یان مەبەست لە خەڵکی یەمەنە لەو کاتەدا نەک لە هەموو سەردەمێکدا؛ چونکە ڕستەکە ئاماژە بۆ ئەوە ناکات، ومەبەست لە حیکمەت -دانایی- ئەو زانستەیە کە بەهۆیەوە مرۆڤ پەروەردگاری دەناسێت. (هەناسەی الرحمان* لە ئاراستەی یەمەنەوەیە): واتا من تووشی ناڕەحەتی وسەختی وغەمباری بووم لە لایەن خەڵکی مەککەوە، خوای گەورە منی سەرخست بەهۆی یارمەتی ئەنساڕەکانەوە کە خەڵکی مەدینەن ولە بنچینەدا خەڵکی یەمەنن، بۆیە ئەم فەرموودەیە لەو فەرموودانە نییە کە وەسفی سیفەتی خوای گەورەی بکات. (کوفر وفاسقێتی ودڵ ڕەقی لە نێو ئەوانەدایە کە دەنگێکی بەرزی ناخۆشیان هەیە ئەوانەی خاوەن بزن و وشترەکانن -کۆیان دەکەنەوە وزۆریان دەکەن-): واتا کوفر وفاسقێتی ودڵ ڕەقی لەوانەوەیە کە وشتر وسامان زۆر دەکەن وکۆی دەکەنەوە ودەنگیان بەرز دەکەنەوە لە کاتێکی کێڵان وخەریک بوون بە ئاژەڵەکانەوە، بەڵام ئەوانەی مەڕوماڵات بەخێو دەکەن؛ بەزۆری لەسەرخۆن، چونکە ئەوانەی وشتر وئەسپ بەخێو دەکەن زۆرجار لە (سیفەتیان ئەوەیە کە ڕەقن وتوندن. *(الرحمان -ئەلرەحمان-: ناوێکی خوای گەورەیە بە مانای بە بەزەیی وبە ڕەحم

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10414